**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٩)ی ڕۆژی ٢٠١٣/٦/١٠ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٣**

**یاسای جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆیی فیدڕاڵی**

**ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆیی (فیدڕاڵی) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان – عێراقداو کارکردن بە حوکمەکانی.

**ماددەی دووەم:**

دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی (کارگێڕی و زانستی و ئەکادیمی) هەرێم دەچنە جێگەی دەسەڵاتە فیدڕاڵیەکان لە هەر شوێنێکی یاسای ناوبراودا هاتبن.

**ماددەی سێیەم:**

لەکارخستنی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمداو، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

یەکەم: فەرمانبەری ڕاژەی زانکۆیی لەوانەی:

١– هەڵگری نازناوی زانستیی (مامۆستای یاریدەدەر)و (مامۆستا)ن، بەتەواوکردنی تەمەنی (٦٦) ساڵی خانەنشین دەکرێن.

٢– هەڵگری نازناوی زانستیی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)و (پرۆفیسۆر)ن، بەتەواوکردنی تەمەنی (٧٠) ساڵی خانەنشین دەکرێن.

**ماددەی چوارەم:**

لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٥/٧ەوە کار بە حوکمەکانی هەمواری یەکەمی یاساکە دەکرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکان

لەپێناو دابینکردنی باشترین هەل بۆ ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەو هەڵگرانی نازناوی زانستی و بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵ و کۆششیان بۆ پەرەپێدان و پێشکەشکردنی ئاستی زانستی، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بە بریار ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.